# پاولۆس

نهێنی گەڕانەوەی لەناکاوی فەلسەفەی هاوچەرخ (سلاڤۆی زیزک , جۆرجیۆ ئاگامبێن و ئالێن بادیو) بۆ پاولۆس

ئازاد حەمە

- بەشی دووەم -

## تەوەرەی دووەم:

## فەلسەفەکردن بە چەکوش: ڕۆلی نیچە لە تۆراندنی ئاین لە فەلسەفە

لە تەوەرەی پێشوو ئەوەمان زۆر بە پووختی بەرچاوخست کە پاولۆس (یان سانت پۆل) موبەشیرێ مەسیحی و گەڕیدەتیۆلۆژیێ سەرسەخت و باوەڕکارێ ئاینی لەوێنەبوو بووە و لە ڕێگای نامە و وەعز و ژوانەکانیەوە لەتەک خەلکی سادە و گشتی کۆمەلگا تادەکاتە حوکمڕان و قەیسەرەکان ئەوەی ڕوونکردۆتەوە مەسیح نوێنەری ڕاستەقینەی یەزدان و باوەڕئامێزێ بێ وێنەیە. بەلام لەم تەوەرەیەوە دێینە سەر لایەنێتر کە بەخۆی ئەم لایەنە دەرگا لە گفتووکۆ فەلسەفیەکانی نووسینەکەمان دەکاتەوە. سەرەتای گفتووگۆکانیش بە قسەکردن لەسەر شێوازی فەلسەفەکردنی نیچە دەخەینەسەرپشت. ئەو شێوازەش لە فەلسەفەکردن ئەم بیریارە ئەلمانیە سەرسەختە دەستیداوەتێ لە ئەدەبیاتی فەلسەفیدا بە فەلسەفەکردن بە چەکوش ناودەنرێ. بەلام لێرە ئێمە تەنیا ئەو لایەنانە لەم شێوازە فەلسەفیە بەرچاودەخەین کە پێوەندی بە نووسینەکەمانەوە هەیە. واتە ڕۆلی فەلسەفەکردن بە چەکوشی نیچە لە تۆراندنی ئاین لە فەلسەفە.

بۆ زۆربەی ئەوانەی بایەخدەرن بە دیتنە فەلسەفیەکانی نیچە بۆئەوەدەچن فەلسەفەکردن بە چەکوش ئەو جۆرە هزراندنە فەلسەفییە بوو نیچە لە قۆناغێ لە ژیانی فەلسەفی خۆیا خۆی لەسەری ڕاهێنا , ئەمەش وایکرد نیچە ئەمجۆرە فەلسەفەکردنە بکا بە شێوازێ و هەروەها بە شیاوییێکیش لەبەردەم فەلسەفاندن. خستنەوەی ئەم شیاویەش لەبەردەم فەلسەفاندن بە زیانی فەلسەفە کەوتەوە چونکە ئاین لەسەر ئەم شێوەهزراندنەی فەلسەفە خۆی لەسەر ڕاهێنا لە فەلسەفە تۆرا. مەرام لەو چەکوش لێدانە کە لە بنەڕەتدا داکوتینەوەی هزری میتافیزیکی بوو یان ڕاهێنانی فەلسەفە بوو لە گۆشەگیرکردن و بندەستکردنی ئاین لەپاشخۆی هیۆمانیزمێ مولحیدی(ئێتەیستی) بەجێهێشت. بۆیە ئاین لەپاش ئەم هەولە نیچەگەراییەوە دووچاری کۆچەریبوو (نۆمادیزم). ئاین کەوتە دەرەوەی هزراندنە فەلسەفیەکان و لەوەکەوت جێبایەخی بیریاران بێ. بەلام ئەم کۆچەرییەی (گەڕۆکیەی) ئاین مەجبوورکرا لەسەری ڕابێ پاشان بەختی نیچەشی پێوەگلا چونکە نیچەش ئاینئاسا لە فەلسەفە تۆرا و بەتایبەت پاشئەوەی نیچە کەوتە بەرچەکوشخستنی واتای ڕاستییەوە و هەروەها بلاوکردنەوەی پەتای ئەنتی- ئەفلاتوونی. نیچە کە وورده ورده لە فەلسەفە دوورکەوتەوە و خۆی لە فەلسەفە تۆراند.سەرەتای ئەم تۆراندنەی ئەو کاتە دەستیپێکرد کە نیچە بانگەشەی

مەرگی یەزدانی دا. ئەم بانگەشەیە کە هیۆمانیزمێ بێ ئیمانی لەپاشخۆی جێهێشت ئەرکی فەلسەفەی ئاینی ئالۆزکرد.

نیچە کە لە هەرزەکاریا لەڕێگای خێزانە دیندارەکەیەوە ئاینیانە پەروەردەدەکرا زۆری پێنەچوو بوو بە دوژمنی هەرە گەورەی بیری ئاینی و کلێسەی مەسیحی و گشت ئەو باوەڕە ئاینیانەی هێزی میتافیزیکی بیر مرۆڤ دەخەنەوە. ئەم جۆرە بینینە کە جۆرە فەلسەفاندنێکیشی خستەوە توند و نانەرم بوو هەروەها زۆرترین گرژیشی خستە نێوان پێوەندی ئاین و فەلسەفەوە. چونکە نیچە ڕەخنە ئاینیەکانی لە مەسیحیەت بۆ ڕەخنەکردنی یەزدان بوو. بەواتایێتر, ڕەخنەکردنەکانی نیچە لە مەسیح سەرچاوە لەو ڕەخنانەوە هەلدەگرێ نیچە لە یەزدانی دەگرێ. چونکە بۆ نیچە ڕەخنەکردنی یەزدان سەرووی ڕەخنەکردنی مەسیحە. بۆیە نیچە هاتنی پاولۆس بەشتێ بێکەلک و زیاد دەزانێ. واتە بۆ نیچە ئەوەی پێیدەلێن مەسیحی بوونی نییە چونکە ئەوەی هەبوو بەقەولی نیچە مەسیح بوو ئەویش بەسەر خاچەکەوە ڕووحی دەرهات. هەرلەبەرئەو هۆیە باس لە مەسیحیەت لەپاش لەخاچدانی مەسیح بۆ نیچە شتێ بێمانایە.

سەرباری ئەوی لایسەرەوە تایبەت بەم تەوەرەیە ئاماژەی پێکرا ئەوەش دەلێین کە, لەپاش مردنی نیچە بەولاوە, واتە لەماوەی سەد سالی ڕابردوودا, فەلسەفەی ڕۆژئاوا کەمتازۆر لەگەل دیتن و تەماشاکردنەکانی نیچە لە گفتوگۆی بەردەوام دا بووە. بەلام ئەم گفتووگۆیە چەند ئاقارێکی وەرگرت کە گرنگترینیان ئەمانەن: یەکەم: هەلگرتنەوەی جیهانبینی فەلسەفی نیچە تایبەت بە ڕەخنەکردنی فەلسەفەی نەرێتی ڕۆژئاوا کە پێشگشت شتێ ڕەخنەکردنی فەلسەفەی پاش- سوکراتی لەخۆگرت, واتە کەوتنە ژێرکاریگەری نیچە لە ڕەتکردنەوەی فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەفلاتوون بووە بە مۆدەی فەلسەفی, دووەم: ڕەخنەکردنی فەلسەفەی تازە (مودێرن), کەواتە فەلسەفەی پاش سەدەی نۆزدە بە ئاسانی کەوتە ژێرکاریگەری بینینی فەلسەفی نیچەوە لە ڕەتکردنەوەی دوو سێستەمی بەهای ڕەوشتی یەکێکیان ئەفلاتوونی (ئەلبەتە مەسیحیش) ئەویتر مۆدێرن. بەواتایێتر, نیچە ئەو دوو جۆرە فەلسەفە ڕۆژئاواییەی کە پیێهەرسنەدەبوو کە یەکێکیان فەلسەفەی نەرێتی بوو و ئەویتریش فەلسەفەی نوێی ڕۆژئاوا بەتۆخی لەناو فەلسەفەی هاوچەرخی ڕۆژئاوا ڕەنگیدایەوە و ماناشی بۆ هاتنەکایەوەی شەپۆلی فەلسەفەی پاش تازەگەری دی و سێهەم: لە ژێرکاریگەری فەلسەفەی نیچە پەتای ڕەتکردنەوەی ڕاستی و ڕق لە زانست لەناو فەلسەفەی هاوپەرخی ڕۆژئاوا بلاوبوەوە و هەردوو ئاڕاستە فەلسەفیە فەڕەنسیە ناودارەکەی سالانی پاش 1960 کانیش, کە پاش - بنەماخوازی و پاش – تازەگەری دەگرێتەوە , تائەوپەڕی لەمڕووەوە لەسەر تەماشاکردنە فەلسەفیەکانی نیچە مشەخۆربوون.

پاشئەو چەند دێرەی تایبەت بە مۆدێلی هزراندنی فەلسەفی نیچە لایسەرەوە ووترا لێرەوە دەمانەوێ بێینە سەر کرۆکی ئەوی لەم تەوەرەیەدا پێویستە بەرباسخرێ و بۆئەو مەبەستەش دەلێین, لە ڕووی فەلسەفیەوە لە سەردەمی هاوچەرخدا ئەو دەمەی باس لە پاولۆس دەکرێ ئەم باسە بەجۆرێ لە جۆرەکان بە نیچەوە گرێدەدرێتەوە. نیچە , لە بەشێ لە نووسینەکانیا, کە خۆی وەک دژە جەمسەری پاولۆس نیشانداوە ئەمە جەمسەرێ نیچەیانەشی لەپاش خۆی خستۆتەوە کە ئاکامەکەی بووە بە دورکەوتنەوەی فەلسەفە لە ئاین, وەکیتریش دوورەپەرێزی فەلسەفە لە دیراساتی تیۆلۆژی. بۆیە بۆ ڕوونکردنەوەی پێوەندی نێوان فەلسەفە و پاولۆس لەم نووسینە کورتە دوورناڕۆین و تەنیا دەگەڕێینەوە لای نیچە. بۆئەوەی لە نیچەشەوە دەستپێکەین سەرەتا ئەو بینینە لای خوێنەر دروستدەکەین کە بەمجۆرە خۆی دادەڕێژێ: ئەوی نیچە لەمڕووەوە ئاواتخوازیاری بوو نەهاتە دی. واتە ناحەزی نیچە بەرامبەر بە دید و پەیامی مەسیحی و خودی پەیامنێرەکانیشی وەک خۆی تاسەر لەناو فەلسەفەی ڕۆژئاوا کاریگەر نەبوو. کەمترین نموونەش لەمڕووەوە ئاوڕدانەوەکەی ئەو سێ فەیلەسوفەیە کە بەبەردەوام ناویان لە دووتۆی ئەم نووسینە گۆدەکەین.

گەڕانەوەکەی ئەم سێ فەیلەسوفە سیاسیە کە پاێکیان لەناو هزرێ سیاسی چەپە (یان مارکسییە) و پایەکەیتریشیان لەناو ڕەخنەێ ڕادیکال و میلیتانتی(جەنگاوەر) فەلسەفیە (بەتایبەت بادیو) و تابشلێی فەلسەفەکەیان خۆی لە ڕەتکردنەوەی سەرمایەداری گلوبال ئەبینێتەوە نیشانەیە لە شکستهێنانی بیری ئەنتی تیۆلۆژی نیچە. ئەم سێ فەیلەسوفە, و بەتایبەت بادیو و زیزک , کە بەهیچ جۆرێ چارەی نیچەیان ناوێ و لە کارە فەلسەفی و سیاسیەکانیانا توانجێ توونديشی تێدەگرن ئاوڕدانەوەکەیان لە ێاولۆس واتا بەخشە و مەرامی نەک هەر فەلسەفی بەلکو سیاسیشی لەپشتەوەیە. واتە بیری نیچە کە لەتەک بۆچوونی بۆ یەزدان بەتایبەت و ئەمجار بۆ ئاین تائەمدوایەش لەتەک بیری فەلسەفی ڕۆژئاوا هارمۆنیبوو پاش ئاوڕدانەوەی ئەو سێ فەیلەسوفە ئیتەیست(مولحید, بێئیمان) و ڕادیکالە سیاسییە بۆ پاولۆس جۆرە دابڕینێک کەوتە بەکاربردنی بیری نیچەوە.

بۆزێتر چوونە نێو دیتنەکانی ئەم تەوەرەیە دەلێین, نیچە کە دوژمنی گەورەی مەسیح بوو هێرشکەرێ گەورەش بوو بۆسەر ئاین, بەواتاێ تر میتافیزیک,. هەروەها ئەوەی نیچە هەرگیز بۆی هەرس نەدەبوو مەسیح بوو. نیچە ئەم پیاوەی (واتە مەسیحی) وەک کەسێ وڕێناوی و شەڕئامێز لەقەلەمدەدا. ئەمەو بەباوەڕی نیچە ئەوەی مەسیح دژایەتی دەکا و خۆیلێدووردەخاتەوە لە شتە بەبایەخ و بەهادارەکانە (1). ئەوەی گرینگیشە لێرە دەستی بۆڕاکێشرێ ئەوەیە, هێرشی سەرەکی نیچە بۆسەر مەسیح لە کتێبی ""ئەنتیکریست, 1888""(دژەمەسیحی) ەوە دەستپێدەکا و لەوێ نیچە زۆترین هەولدەدا میراتی تەبشیری مەسیح و پەیامە میتافیزیکیەکەی ڕەتکاتەوە. واتە ئەوەی مەسیح لێیدەترسێ و سلیلێدەکاتەوە نیچە بایەخدار و ترخداریدەکا و یان ئەوەی مەسیح بەشتی ڕەوشتی دەزانێ و بەهاداریدەکا نیچە لەبنڕا پووچیدەکاتەوە و بێمانایەکەی ئاشکرادەکا. واتە, نیچە خۆیدەخاتە ناو یاریێ ڕەوانبێژی سەیرەوە لەلاێ ئەوانە بێ هێز و بەتال نیشاندەدا کە بۆ مەسیح فۆندەمێنتالن ( بنەڕەتین) و لەلاێتر ئەوانە ئامانجدار و هێژادەکا کە مەسیح سەرنجیان ناخەتەسەر. ڕاستیشە نیچە پاولۆسی بەیەکەم تیۆلۆژی مەسیحی لەقەلەمداوە و پێیشیوابووە پاولۆس بەهرەێ تیۆلۆژی هەیە(2) بەلام نیچە ترسێکی لەم بەهرە تیۆلۆژیەی پاولۆس هەبووە. گەرواش نەبایە نیچە بۆئەوەنەدەچوو کە ژینالۆژیای (بنەچەی ) هزری ڕۆژئاوا لە پاولۆسەوە دەستپێدەکا و بە ئاگوستینۆس و لۆتەر تێدەپەڕێ و لوتکەی خۆشی لە کانت دا دەبینێتەوە.(3).نیچە کە بەباوەڕی ئێمە لە پاولۆس دەترسا ئەوە دەشێ بۆئەوەبگەڕێندرێتەوە کە پاولۆس بیریارێ تیۆلۆژیە و کەسێ ئاینی ئاسایی نییە. واتە نیچە دەرکی بەوەکردووە پاولۆس مەسیحیێ ڕاستەقینەیە و پارێزەری پەیامێکە و پێچەوانەی عیساشە(4). کەواتە نیچە بەووردی هەستی بەوەکردوە کە پاولۆس توانایێ هزری هەیە. ئەم توانایەش وایلە نیچە نەکردوە داکۆکی لە پاولۆس بکا بەپێچەوانەوە ئەو (نیچە) لەبەرئەوەی حەزی بە ئاین و ئەمجار بە مەسیحیەیەت نەبووە نەیتوانیووە لەگەل ئەوی لە زاری پاولۆس بەردەبێتەوە کۆکبێ. هەربۆیشە نیچە بۆ ئەوەدەچوو کە سەرکەوتن لەوەدا نییە پاولۆس دێ و سەرلەنوێ هەقایەتی ڕاستەقینەی مەسیح دەگێڕێتەوە(5). ئەم دیتنەی نیچە ئاماژەیە لەسەرئەوەی پاولۆس کار لەسەر ئەنجامدانی هیچیێ دەکا و خۆشی بەشتێکەوە سەرگەردانکردوە دەمێکە نییە. دەلیلیشمان لەسەر ئەمە ئەوەیە نیچە لە ""ئەنتی کریست"" دا وشەی مەسیحیەت بەهەلەتێگەیشتنێ وێنەدەکا. بەلام پێیوایە ئەوی هەیە تەنیا وشەی مەسیحە و ئەمەش ( واتە وشەی مەسیح) بەسەرخاچەکەوە مرد (6) کەوابێ بۆلەمەولا , نیچە ووتەنی, شتێ نییە ناوی عیسا و مەسیحیەت بێ. کەواتە نیچە دەیەوێ بپرسێ بۆ پاولۆس هاتووە؟ بۆ پاولۆس بەدووی پەیامێ وێلە کە پێشوەخت نەماوە؟ گەر پاولۆس هاتووە تا بوون لەڕێگای مەسیحەوە (یان ئاینەوە) مانادارکا ئەم (واتە ێاولۆس ) ناتوانێ ئەمەبکا چونکە بوون بەهۆی باوەڕەوە ڕاڤەناکرێ و هەروەها

بوون لە خودی خۆیا بێ مانایە. ئەم جۆرە دیتنە نیچەیانەیە بۆ بوونی مرۆڤایەتی بۆچوونی هیچگەرای خستەوە کە ئامانجلێی لەئاینخستنی (وەکیتریش لەباوەڕخستنی) مرۆڤ بوو. بەلام ئەگەر پاولۆس هاتووە تا بانگەشە بۆ ڕاستیەک بکا ئەوا پاولۆس لەمەشا هەر ناسەرکەوتووە چونکە مەسیحیەت , بەپێی تێگەیشتنی نیچە, ناتوانێ بوونیادێ بۆ ڕاستی دانێ. هەموو ئەمانەش بەلگەن لەسەرئەوەی نیچە ناتوانێ هیچ تواناێ لە هزری مەسیحی پاولۆس دا ببینێتەوە کاتێ نیچە پێیوابێ ئیمانداری لاوازیێکە یان کەم بینینە لە کەسێتی. ئالێرەوە ئێمە بۆئەوەدەچین کە لێدانی, کوتینەوەی, ڕاستی بۆ نیچە زۆر ماناداربووە. چونکە لەلاێ نیچە بە کووتینەوەی ڕاستی بناغە بۆ کووتینەوەی مەسیحیەت وەک ئاین دادەنێ و لەلاێتریش بۆ کووتینەوەی ئەفلاتوونیزم وەک فەلسەفەێ ئایدیالیستی کە بەباوەڕی نیچە خەلاتێ بێ مانای میتافیزیکیای ڕۆژئاوایە (7).کەواتە نیچە لە واتای ڕاستی دا وێنەی ئایدیالیستی مەسیح دەبینێتەوە و بۆئەوەشدەڕوا کە مەسیحیەت خۆی لەسەر بوونیادنانی ڕاستی دادەمەزرێنێ. بۆیە ئەوانەی پاش نیچە (نیچەخوازەکان مەبەستە) لەسەر ڕاستی هاتنەگۆ, بەتایبەت فەیلەسوفانی پاش تازەگەری فەڕەنسی, کەوتنە کوتینەوەی سەروگوێلاکی ڕاستی و بەرهەمی ئەو کوتینەوەیەش بوو بە واتای ""ئاوابوونی ڕاستی"" کە جۆرە فەلسەفێ نەک هەر ئەنتی مەسیحی دروستکرد بەلکو فەلسەفەی ئایدیالیزمی ئەفلاتوونیشی خستەژێرمەترسی ئاوابوونەوە. بۆیە ئەو فەیلەسوفانەی نیچەخوازبوون (دولۆز, ڤاتیمۆ, فوکۆ ,لیوتار,دێریدا ,,هتد) , بەتایبەت نەوەی **1960** کان , وەکیتر دژەئەفلاتوونیش بوون. چونکە بوونیادی دژە مەسیحی فەلسەفەی نیچە ڕیشەێ دژە ئەفلاتوونی هەیە. ئەم ئاڕاستەیەش کە بە کوشتنی شیاوی لەبەردەم هزراندنی فەلسەفی ئەفلاتوونیا دەستپێکرد هزری فەلسەفی هاوچەرخی ڕۆژئاوای دووچاری نەخۆشی ""دژەئەفلاتوونی ""کرد کە بناغەی بۆ ڕەتکردنەوەی میتافیزیک خۆشکرد.واتە نیچە بەرپرسیارە بەرامبەر بە بلاوبوونەوەی <u>پەتای ئەنتی– ئەفلاتوونی</u>.

لەو چەند دێڕەی لایسەرەوە ویستمان ئەوەشبلێین , ئەو درمەی (پەتایەی) نیچە ویستی فەلسەفەی ڕۆژئاوا پێوەیبێ وەک خۆی بلاونەبووە و تەشەنەشی نەکرد.. ڕاستە ماوەێ ئەو ئاوەلناوانەی نیچە لە نووسینی ""دژەمەسیح"" بەکاریبردبوون (دەجال, بێفەڕ, وڕێناوی) بەشێ لە فەیلەسوفانی ڕۆژئاوا و بەتایبەت فەیلەسوفانی کۆنتنێنتالی فەڕەنسی پێیوەسەرگەردانبوو و بگرە ئەو ئاوەلناوانە ڕۆلێ گەورەشیان لە دروستکردنی <u>تیۆلۆژیاێ هیچگەرا</u>ش دی بەلام لەمسالانەی دوای بۆچوونەکانی نیچە سەرلەبەر گۆڕانیان هاتەسەر و گەلێ بۆئەوەچوون کە هزری نیچە ناکۆنکرێت و سوفستاییە و شێوازێ لە نووسینی هۆنراوەئامێزی و وتارئامێزیی پێوەدیارە. ئەلبەتە لوتکەی ئەم شێوازەش لە دوو نووسینیا دەکرێ بەدیکرێ یەکەم ""دژەمەسیح"" (**1888**) و ئەویتریش""ئاوادوا زەرەدەشت""(**1886**) کە نیچە لەیەک دەموووەختی دەروونییا نووسیونی.

واتە لەپاش ئەو دوو کارە فەلسەفیەی نیچەوە باسی ئاین یان مەسیحیەت و باسی یەزدان هێزیخۆی لەدەستدا بەلام ئەم دۆزە فەلسەفیەی نیچە خولقاندی زۆری نەخایاند دووچاری پەرچەکردارێ فەلسەفی بوو ئەوەش بەهۆیئەوەی وودردە ووردە ئاین بۆ فەیلەسوفانی ڕۆژئاوا بوەوە بە بابەتێ فەلسەفی. ئەلبەتە پێشئەم هەولەی ئەم سێ بیریارەش دێریدا و ڤاتیمۆ ,کە بەخۆیان کاریگەرێ گەورەی فەلسەفەی هیچگەرای نیچەیان بەسەرەوەیە , لە کتێبێ کە بە سێ قۆلی لەتەک گادامێر بەناوی""ئاین"" لە ناوەندەی **1990** کان نووسیویانە گەلێ لەو پرسیارە ئاینیە ئەبەدیانە سەرلەنوێ دەخەنەوە ژێرڕاڤەکردن کە ماوەێ فەلسەفەی ڕۆژئاوا پشتیلێکردبوو. بەلام ئاوڕدانەوە سێ قۆلیەکەی دێریدا, ڤاتیمۆ و گەدامێر لە بابەتی ئاین لە کتێبی ناوبراو زۆر لە ئاوڕدانەوەکانی زیزک و بادیو و ئاگامبێن لە پاولۆس جیان بەلام بۆئێمە ئەم دوو جۆرە ئاوڕدانەوەیە نیشانەن لەسەر ویستی فەلسەفەی هاوچەرخ بۆ باسهێنانەپێشەوە لەسەر ووتنەئاینی و

ووتنەپیرۆزەکان. واتە وورده وورده ئەو تابۆ فەلسەفیەی نیچە بەدەوری پێوەندی نێوان ئاین و فەلسەفە دروستیکرد ڕووی لە پووکانەوەنا. لەو ووتنانەی لایسەرەوە ویسترا ئەو بینینەش لایخوێنەر دروستکرێ کە هزری تیۆلۆژی نیچە کە هزرێ هیچگەرا و نێگەتیڤ بوو هزرێ تیۆلۆژی ئیلحادی لەپاشخۆی خستەوە. چونکە بۆچوونە فەلسەفیە وتارئامێزەکانی نیچە تایبەت بە پاولۆس و پەیامەکەی هیچگەرای و نێگەتیڤیتێتێ تیۆلۆژی دروستکرد کە لەپاش خۆشیوە گەلێ لە فەیلەسوفانی ڕۆژئاوا پێوەی گلان. غەدریش لە نیچە ناکەین گەر ئەوە دووبارەکەینەوە کە لەسەرەتای ئەم تەوەرەیەدا درکاندمان کە لەپاش نیچەوە پێوەندی نێوان ئاین و فەلسەفە تێکچوو. بەلام گەڕانەوەی ئەم سێ بیریارە بۆسەر پاولۆس ئەگەرچی ڕاستەوخۆ بۆسەر ئاین نییە بەلام مانای بۆ ئاوڕدانەوە لە ئاین یان ووتنە ئاینیەکان بێ ئەندازە هێنایەکایەوە.

بۆداخستنی ئەم تەوەرەیە بەپێویستی دەزانین کۆی تێگەیشتنەکانمان تایبەت بەشێوازی فەلسەفی نیچە لە پێوەندی بە پەیام و فێربوونەکانی پاولۆس لایخوارەوە لەچەند ووتنێ کورت و چڕکەینەوە:

* نیچە بۆئەوەی دەگە لە بیری ئاینی مەسیحی بدا دێتە سەر بیرۆکەی مەرگی یەزدان. بەمە نیچە هاتن و فێربوونەکانی پاولۆس تایبەت بە یەزدان دواجار پەیامی مەسیحی پووچ و بێ ناواخن دەکا. چونکە کە یەزدان نەبێ نە مەسیح مانای هەیە و نەش هاتنی پاولۆس کە بەخۆی هاتنی پاولۆس هەمیشە لای نیچە ناوی یەزدان و مەسیح بیردەخاتەوە. کەواتە شتێ کە نەماوە و بێبەهایە.

* بەباوەڕی نیچە مەسیحیەت گەلێ بە مەسەلەی باشە و خۆشەویستییەوە سەرقالە بەلام نیچە وایبۆدەچێ ئەم شتانە بەو ئەندازەیەی مەسیحیەت قسەیلێدەکا بوونیان نییە.بۆیە هەمیشە ڕەخنەکانی نیچە لە مەسیحیەت لەهەمانکاتدا ڕەخنەن لە واتای وەک باشە, نەمریی, شتی یەزدانی, خۆشەویستی, نەزاکەت و ..هتد.ئەم شێوە تەماشاکردنە فەلسەفیەش لەتەک بیرۆکەی مەرگی یەزدان کە نیچە لە ""ئاوا دوا زەرادەشت دا "" بانگەشەی بۆدەکا ماهیەتی ئەو فەلسەفەیەشمان بۆ شیدەکاتەوە نیچە لەژێرسایەی چەکوشەکەی بەرهەمیدێنێ.

* ڕەخنەی نیچە لە ڕەوشتی مەسیحی کە پاولۆس هەلگریەتی بوغزاوی و قینەئامێزە. چونکە ناوی مەسیح ناوی یەزدان بیر نیچە دەخاتەوە بۆیە نیچە تائەوپەڕی بەرامبەر بە پاولۆس ڕقاوی و داخلەدلە.

* بەپێی ڕوانینی فەلسەفی نیچە مەسیحیەت ژەهری بە ئیرۆس داوە. جا ئەگەر ئەمە وابێ ئەوا , نەک بەس ئەوین بۆ یەزدان بەلکو سەرتاپای ئەوینداری کە ئەوەش گشت ژیان دەگرێتەوە بیمارە.

* گرفتی سەرەکی نیچە لەتەک مەسیحیەتدا ئەوەیە کە نیچە نە ئاین و نەش ڕەوشت لە مەسیحیەتدا دەبینێتەوە. ئەم بۆچوونە تووند و زبرەی نیچە نەک هەر ڕەشبینی ئاینی لەپاشخۆی خستەوە بەلکو تیلۆژیایێ ئیلحادیشی لەپاشخۆی خستەوە.

* نیچە لە نووسینی """ئەنتی کریست" و ""ئاوا دوا زەرادەشت"" زۆر بەئاشکرا زەبرێ دژ بە ئاین و یەزدانی مەسیحی بەکاردەبا بەلام پەیتا پەیتا ئەوەش بە خوێنەرانی خۆیدەلێ کە ئامانجی سەرلەنوێ

دامەزراندنەوەی مێژووی مرۆڤایەتیە.بەلام نیچە پێیوایە مرۆڤ ئەودەمە دەکارێ مرۆڤایەتیێ نوێ دروستکا کە مرۆڤ بکارێ ڕۆل لە ماناداں بە ژیان ببینێ.

* زێدە گرینگە لێرە ئەوەش بووترێ, نیچە کە دێتەسەر باسی یەزدان دەگاتە ئەو باوەڕەی پێویستی مرۆڤ بۆ یەزدان پێوەندی بەوەوەیە کە مرۆڤ ئەم پێویستیە بۆ لێکدانەوەی جیهان, لێکدانەوەی بوونی خۆی لەم جیهانە بەکاردەبا. بەپێی ئەم تیۆریەی نیچە بێ مرۆڤ پێویستی بە یەزدانە تا لەڕێگای بوونی یەزدانەوە مانا بە بوونی خۆی لە ژیانا ببەخشێ. بۆیە نیچە وایبۆدەچێ کە ناوی یەزدان لەلایەن مرۆڤەوە وەک ناوێ باش گۆدەکرێ هەروەها ئەم ناوە بەکاردەبرێ بۆ گەیشتن لەوی پێیدەلێن باشە.بەلام نیچە کە هەولی کوشتنی یەزدانی مەسیحی دەدا لەبەرئەوەیە کە ئەم یەزدانە نوێنەرایەتی بەها کۆنەکان دەکا. ئەم بەهایانە کە بێمانان بەبۆچوونی نیچە دەبێ لەبنڕانەمێنن.بۆیە کوشتنی یەزدان لە فەلسەفەی نیچە دا کوشتنێ ڕەوشتیيە. ئەم جۆرە کوشتنە پێوەندی بە بەها نوێکانەوە هەیە کە مرۆڤ لە ڕێگای ڕاستی تازەوە خولقاندویەتی. واتە بەها نوێکان داوا لە مرۆڤی نوێ دەکەن کودەتا بکاتە سەر بەها کۆنەکان و سەرەتای ئەم کودەتایەش بە مەرگی یەزدان دەستپێدەکا. دەمانەوێ لێرە ئەوەش بلێین کە نیچە لە دوو کاریا بەتەواوەتی کار بۆ مراندنی یەزدان دەکا یەکێکیان"" زانستی دلخۆش"" و ئەویتر ""ئاوادوا زەرادەشت"". بەلام نیچە پێیوانیە کوشتنی یەزدان کارێ ئاسان بێ بۆیە ئەم ئەرکە بە مرۆڤی بالا دەسپێرێ. واتە لە ڕوانگەی نیچەوە ئەرکی مرۆڤی بالایە کار بۆ کوشتنی یەزدان بکا. هەربۆیشە نیچە بایەخێ زۆر بە مرۆڤی بالا دەدا چونکە ئەم مرۆڤە بالایە گشت ئەو تووخم و بەها تازانەی تیایە لە یەزدانی مەسیحی یان کەسی مەسیحی دا ئامادەنییە. کەواتە بایەخی نیچە بە مرۆڤی بالا پێوەندی بە ڕەخنەکانیەوە هەیە بۆ یەزدان. مرۆڤی بالا کە ئامانجە لای نیچە ئەم ئامانجە نایێتەدی گەر مرۆڤ هەنگاو بەرەو مرۆڤی بالا نەنێ. مرۆڤی بالا کە فۆڕمێکە لە هیۆمانیزم پێویستە هەموو هەنگاو بەرەو بوون بەم مرۆڤە بنێن.

* بۆ نیچە ڕاستی بێ مانایە گەر مرۆڤایەتی ,مرۆڤایەتی مرۆڤ, بە قۆناغێ کولتووری بالادا نەگەێنرێ.ئەوەش کە ئەمە دەکا مرۆڤی بالایە. واتە مرۆڤی بالا دوا ئومێدی فەلسەفی نیچە یە. بەلام ئەوەی ئەم مرۆڤە نوێیە , کە مرۆڤی بالایە, سەرکەوت و بالادەکا ئەوەیە کە خۆی دروستکەری گشت شتەکانی خۆیەتی, لەهەمووشی سەیرتر ئەم مرۆڤە بالایە دەتوانێ بێ یەزدان هەلکا چونکە ئەم(واتە مرۆڤی بالا) لەوە باش حالیبووە کە یەزدان بۆ لاوازەکانە(کۆیلەکانە).